# دەربارەی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بۆ ئاشتی

**مەحمود حەمەئەمین**

دوای ئەوەی بیرۆکەی ئەوەم لا دروست بوو کە هەوڵ بدەم مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لەئاستێکی جیهانیدا بناسرێت وەک هەوڵێک بۆ زیاتر ناساندنی کارەساتی کیمیاباران و ئاسەوارەکانی بەجیهانی دەرەوە کە بێگومان هەنگاوێکی گرنگیش دەبێت بۆ بەجیهانیکردنی کارەساتەکە و بە جینۆسایدناساندنی، بۆیە بڕیارمدا پەیوەندییەکانم چڕ بکەمەوە لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتایبەت لەگەڵ ئەو مۆنۆمێنت و ڕێکخراوە جیهانیانەی کە هاوشێوەی ئەوەی هەڵەبجە لە ئاکامی کۆمەڵکوژی و کارەساتە مرۆییەکان دروست بوون. ئەوە بوو دوای شەش مانگ هەوڵی بێووچان و پەیوەندیکردنم بە مۆنۆمێنتەکانی جیهان و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ ڕێکخراوی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بۆ ئاشتی، دواجار توانرا مۆنۆمێنتەکەمان ببێتە ئەندام لە تۆڕی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بۆ ئاشتی، بۆیە لە ٢٠٠٩/١١/١٧دا ئەم ڕێکخراوە بە خۆشحاڵیەکی زۆرەوە بەئەندامبوونی ئێمەشی ڕاگەیاند و لە سایتەکەیان کە ١٠٠ مۆنۆمێنتی ئاشتی جیهانی تێیدا بەشدارن بە وێنە و نوسین مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیان ناساند. Halabjah monument and peace museum

ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی جیهانییە و لەساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە و تاوەکو ئێستا شەش کۆنفرانسی جیهانییان بەستووە و شەشەمین کۆنفرانسیان لە وڵاتی یابان بووە کە ٣٠٠ ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بەشدارییان تێدا کردووە و حەوتەمین کۆنفرانسیان لە شاری بەرشلۆنەی وڵاتی ئیسپانیا دەبێت و بێگومان مۆنۆمێنتی هەڵەبجە وەک

مۆنۆمێنتێکی ئاشتی جیهانی لەم کۆنفرانسەدا بەشداری دەکات و هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ زیاتر ناساندنی دۆسیەی هەڵەبجە.
شایانی باسە ئەم مۆنۆمێنتانە لە ئاکامی جەنگ و کۆمەڵکوژییەکان دروستبوون و پەیامیان پەیامی ئاشتی و بڵاوکردنوەی بیرۆکەی ئاشتی و پێکەوەژیانە.
دەستەی کارگێڕی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە (١٢) کەس، سکرتێری ڕێکخراوەکە ناوی (دکتور پیتەر فان دێن)ە و مەڵبەندی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە وڵاتی بەرتانیایە.

ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مۆنۆمێنتەکانی ئاشتیدا و گۆڕینەوەی زانیاری و بیروڕا و بڵاوکردنوەی بیرۆکەی ئاشتی و پێکەوەژیان لە ڕێگەی کۆنفرانسە جیهانییەکان و ئەو پیشانگە و کۆڕ و کۆبوونەوەیانەی کە ئەنجامی دەدەن.
هەروەها یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی تریان بریتییە لە دروستکردنی مۆنۆمێنتی ئاشتی زیاتر لە سەرانسەری دونیادا کە مۆنۆمێنتی ئاشتی تاران یەکێکە لەو مۆنۆمێنتە ئاشتیانەی لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە هاوکاریکراوە و ئەندامێکی کارای ئەم ڕێکخراوەیە.

# دەقی بوونە ئەندامی مۆنۆمێنتی
# هەڵەبجە لە تۆڕی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بۆ ئاشتی

Bradford ١٧th November ٢٠٠٩

To
Mr. Sarkhel Gafar
Director
Halabja Monument & Peace Museum

Dear Mr. Gafar,

Membership of Halabja Monument & Peace Museum in International Network of Museums for Peace (INMP)

I was happy to learn of the decision of the directorate of the Halabja Monument to transform itself into a Peace Museum.

This transformation will make it possible for your organisation to join the International Network of Museums for Peace.

INMP up to now has been a rather loose network, with no formal membership. But as mentioned in my email of ٣rd November, this is about to change. INMP is in the process of professionalization, including the opening of a secretariat in The Hague.

The first issue the secretariat will address is the introduction of a formal membership system.

For the time being, you can consider your organisation as already belonging to the network and INMP is very glad to have your organisation join it. The Halabja Monument & Peace Museum has been included in the list of members on INMP's website - please see www.museumsforpeace.org

INMP will contact you early in the new year when the formal membership system is expected to be introduced.

With best wishes.

Yours sincerely,

Dr. Peter van den Dungen
General Co-ordinator
International Network of Museums for Peace
c/o Department of Peace Studies
University of Bradford, UK
P.Vandendungen@bradford.ac.uk